# مۆدێلەکانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی*

**١- ئاشتبوونەوەی نیشتمانی چییە؟**

ئاشتەواییکردن، واتە: بوونەوە دۆست و هەڤاڵ، تێکەڵبوون، یان هاوچەشنبوون، سەروبەرکردن، یان چارەسەرکردنی ناتەبایی و جیاوازییەکان. ئارمانجی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی، گەڕانەوەیە بۆ هاوپێوەندیی ئاشتیخوازانە لە نێوان کۆڕو کۆمەڵەی ئیتنی، ئایینی، یان سیاسیی پێکناکۆك... ئاشتبوونەوەی نیشتمانی مینای مەسلەتی و پێکهاتنەوەی نێوان ئەم تاك و ئەو تاکی ناو کۆمەڵگەیە کە مێژوویەکی دژمنکارانەیان لە گەڵ یەکدیدا هەیە. لە ڕێگەی بەرنامەی ئاشتبوونەوەوە، سۆنگەو سەرچاوەی ئاریشەو ناکۆکی نێوان کۆڕو کۆمەڵەکان دێتە ڤەکۆڵین، مانای نادادپەروەری و ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە، دەراوو دەلیڤەی ناتوندوتیژییان بۆ دەدۆزرێتەوە. سەرگرتنی بەرنامەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و پێکهاتنی کەشوهەوایەك بۆ بەیەکەوەژیانی بەئاشتییانە بەندە بە چەند فاکتەرێکەوە: سروشتی کێشەکە، تواناو هێزی دامەزراوە قانوونی و دیموکراتییەکانی دەوڵەت، خواست و ویستی سەرکردایەتی دەوڵەت لەمەڕ پابەندبوون بە بەرنامەی ئاشتبوونەوە، دەستپێڕاگەیشتن بە میکانیزمەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و پاراستنی ئاشتی.

ئاشتبوونەوەی نیشتمانی تا رادەیەکی زۆر، پرۆسەیەکی رۆحی و دەروونییە کە هان و دنەی مۆراڵی و پەژیوانبوونەوەی دەستەجەمعی و تاکەکان دەدا. بەرنامە لەپێشەکانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی، هەوڵ و خەباتە بۆ هێنانە ئارای کەشوهەوای لە یەکدیبووردن تا لەسایەیدا بتواندرێ پێوەندیگەلی متمانە بەیەکدیکردنەوە هەم لە نێوان تاکەکان و هەم لە نێوان کۆڕو کۆمەڵەکاندا (لەوانەیە زمانی تایبەتی خۆیان هەبێ، دامەزراوەی ئایینی و خووخدەو رێورەسمی کولتووری خۆیان هەبێ) دروست ببێ.

خاڵی یەکلاکەرەوە لە سازدانی ئەو شوێنگەی لەیەکدیبووردنە، جەختکردنەوەیە لەسەر حوکمی قانوون و پرۆسەی گۆڕانکاریی دیموکراتیك..

ئەگەر لە نوختەنیگای چێکردنی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە تەماشا بکرێ، مەبەستی سەرەکی لە پشت پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی ئەوەیە کە رێگە لە بەر یەکهەڵوەشانی بەتەواوی، یان رووخان و داتەپینی دەوڵەت و هەروا رێگە لە پێشهاتگەلێك بگیرێ کە رێیان تێدەچێ، ببنە سەرچاوەی سەرهەڵدانی کێشەی نێودەوڵەتی ، هەروەکو ئێمە سەرنج دەدەین، لەم ساڵانەی دواییدا، کێشەو ئاریشە ناوخۆییەکان بوون بە کێشەی نێودەوڵەتی و بوون بە سۆنگەی ئەوە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەوری بنبڕتر لە هێنانەئارای ئاشتبوونەوەی نیشتمانیدا بگێڕێ، تەنانەت لەو جێگایانەشدا کە لایەنە پێکناکۆکەکان خۆیان دژی پرۆسەکە بوون.

## ٢- میتۆدەکانی بە ئەنجامگەیاندنی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی:

ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە رەوەندی هەوڵێکی نا ئاسایی دەوڵەت بۆ پێکهێنانی دامەزراوەی دیموکراتیك و قانوونی دێتە دی: واتە: پەرلەمان، دادگەکان، پرۆسەکانی هەڵبژرادن..

**میتۆدێکی** هاتنە سەر پێی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی، دامەزراندنی کۆمیسیۆنی گەڕان بە دوای راستییە بۆ بەدواداچوون و تۆمارکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ.. چەند دەوڵەتێکی ئەمریکای خواروو، بۆ نموونە: شیلی، ئەرجەنتین، سلڤادۆر کە لە هەشتاکاندا رژێمی میلیتاریست، فەرمانڕەواییان کردوون و بەم دواییانە سیستەمی دیموکراتیی حوکمکردنیان دامەزراندووە، بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ نرخاندنی خراپکارییەکانی حوکمی میلیتاریستی، پەنایان بۆ کۆمیسیۆنەکانی راستی بردووە. ئەو کۆمیسیۆنانە دەسەڵاتیان پێدراوە سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، شایەتان بانگ بکەن و ئیفادەیان لێوەربگرن.. ئەو کۆمیسیۆنانە، هیچ هەقیان بەسەر دادگاییکردنی ئەم تۆمەتپێکراو و ئەو تۆمەتپێکراو نییە.

**میتۆدی دووەمی هێنانەئارای** ئاشتبوونەوەی نیشتمانی، پرۆسەی دامەزراندنی دادگەی تاوانەکانی شەڕە. واتە دادگە ئەوانەی لە تاوانگەلی نێودەوڵەتی بەرپرسن، دیاری و دادگایی بکا. نەتەوە یەکگرتووەکان، دادگەی تاوانەکانی شەڕی لە ساڵی ١٩٩٣دا لە بۆسنیاو ساڵی ١٩٩٤ لە رواندا دامەزراند وەکو رێوشوێنێك بۆ چێتر پاراستنی ئاشتی و ئاسایش هەم لە ناوچەی بالکان ـــی باشووری ئەورووپاو هەم لە ناوەڕاستی ئەفریقیادا.

نموونەیەکی دی، هەوڵوتەقەلای نێودەوڵەتی بۆ وەدیهێنانی ئاشتبوونەوە، لە رێگەی بنیادنانی دیموکراسییەوەیە بەبێ پەنابردن بۆ کۆمیسیۆنەکانی گەڕان بەدوای راستی، یان پرۆسەی تاوانەکانی شەڕ، هەوڵی ناشێلگیرانەی UN-ە بۆ دامەزراندنەوەی حکوومەتێکی مەدەنیی لە کەمبۆدیای داتەپیو و هەلا-هەلابووی دەستی شەڕ، لە خواررووی رۆژهەڵاتی ئاسیادا. کەموکوڕی لە حەڵوفەسڵکردنی رەوشی کەمبۆدیا، ئەوەبووە کە سەرکەوتوو نەبوون لە سەروبەرکردنی پرسەکانی بەرپرسیارەتی و دادپەروەری هاوبەند لە گەڵ تیرۆری رژێمی خەمیررۆژ

***Khmer Rouge*** لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا کە ئاکامەکەی کوژرانی نزیکەی دوو ملیۆن هاووڵاتی کەمبۆدی بووە، ئیدی بە دوور دەزاندرێ، لە کەش و هەوای متمانە بەیەکدی نەکردن و باڵادەستبوونی سام و ترسدا، دیموکراسی بنیاد بندرێ. بەم دواییە، پشتیوانانی مافەکانی مرۆڤ، پێشنیارێکیان خستە روو کە لە یەککاتدا، هەم کۆمیسیۆنەکانی بەدواداچوونی راستی پێکبهێندرێ و هەم دادگەی نێودەوڵەتیی بۆ تاوانەکانی شەڕ دابندرێ بۆ بەدواداچوون و پشکنین و دادگاییکردنی سەرکردەکانی خەمیر رۆژ کە ئێستا لە ژێر سەرپەرشتی حکوومەتدان.

**٣- قەرەبووکردنەوە:**

وەکو بەشێك لە پرۆسەی پەردەلادان لەسەر نا- دادپەروەری، شیلی، ئەرجەنتین و سلڤادۆر، دەستەو کۆڕیان بۆ بژاردنەوەی زیانی قوربانییان ***Victimes*** دامەزراندووە. وەکو تا ئێستا کراوە،لە بری پێزانین و دانان بە زەرەرو زیان، پارەو پوڵیان پێدراوە، یان خزمەتگوزارییان پێشکەشکراوە، یان دەرفەتی خوێندن و فێربوونیان بۆ رەخسێندراوە.. لە وڵاتانێکی هاوشێوەی خوارووی ئەفریقیا، هەرچۆن بێ، کە سەرلەبەری کۆڕو کۆمەڵەکان لە سەرینی سیاسەتی ئاپارتایدەوە *Aparthied* زیانی ماددی و دەروونیان وێکەوتووە، قەرەبووکردنەوە وەکو پرۆسەیەکی درێژخایەن و ئاڵۆز بەرێوە چووە. نموونەی بژاردنەوەی زیانەکان: ئەڵمانیا، زەرەرو زیانی قوربانییانی دەستی نازی بژاردەوە، قەرەبووکردنەوەی ژاپۆنییە ئەمریکاییەکان کە لەشەڕی دووەمی جیهاندا راگیرابوون، لە لایەن حکوومەتی ئەمریکاوە قەرەبوو کرانەوە.

**٤- ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا:**

هەروا دیرۆکی ئەمریکا، نموونەیەکی گرنگی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی دەخاتە روو: واتە بنیادنانەوەی یەکێتیی فیدرالی دوا بەدوای شەڕی خۆبەخۆی ئەمریکا ١٨٦١- ١٨٦٤. ئامانجی بنیادنانەوەکە، دەسکاری و ریفۆرم بوو لە دامەزراوە سیاسی و قانوونی و کولتوورییەکانی ویلایەتە کۆنفدراسیۆنەکان تا بتوانن بێنەوە ناو یەکێتیی فیدرالی. سیمای بنبڕی ئەو بنیادنانەوەیە، نەهێشتنی کۆیلایەتی بوو. راستاندنی هەموار (تعدیلات)ەکانی ١٣ و ١٤ و ١٥ی دەستووری ئەمریکا- نەهێشتنی کۆیلایەتی، دامەزراندنی مافە فیدرالییەکانی وەك مافی وەکیەکی و دەنگدان- پێشکەوتنی قانوونی گرنگ بوون و بنەمای قۆناخێکی نوێیان بۆ بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان لە ناوەڕاستی بیستەکان دانا.

وێڕای کە بنیادنانەوەکە لە کۆتاییدا، پێکهێنانەوەی یەکێتیی فیدرالی لێکەوتەوە، وەلێ هەوڵی لاوەکیی بۆ تێکەڵکردنەوەی پێستڕەشەکانی ئەمریکا بۆ ناو ژیانی نیشتمانی، بە گشتی سەری نەگرت. هەروا وێڕای کە کۆیلەتی وەکو بابەتی قانوون، لە نێوبردرا، وەلێ جیاکاریی قانوونی لە شێوەی هەڵبواردنی خەڵکی غەیرە سپی تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم باڵادەست بوو تا دادگەی باڵا، بە بڕیاری بە ناوبانگی *Brown v Broad of*

*Education*، قوتابخانەی بە جیای سپیپێستانی لە ڕەشپێستەکان داخست.

دەیەی دواتر کۆنگرێس، قانوونی ١٩٦٤ی مافە مەدەنییەکانی دەرکرد کە جیاکاریی لەسەر بنەمای ڕەگەز لەرووی بەهرەمەندبوون لە کارئاسانیی گشتی و فێربوون و کارپێکردنەوە، قەدەخەکرد.

ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەند نەوەی خایاندووەو بەڕای زۆر کەس هێشتا ئەم پرۆسەیە تەواو نەبووە. لە دوائەنجامدا، هەرچۆن بێ، چوارچێوەیەکی قانوونی هاتۆتە گۆڕێ بۆ تەماشاکردنی دادخوازیی لە مەڕ جیاکاری و نادادپەروەریی ڕەگەزییەوە دەخرێتە بەردەم دادگەوە. لەمبارەوە کەس ناتوانێ نکوڵی لە بەشداریی گرنگیی تاک تاکەی کەسایەتی لە گوین ڕابەری مافە مەدەنییەکان *Martin Luther King* بکا کە لایەنگری یەکدی تەواوکردن و پێکهەڵکردن بووە دژی جیاکاری ڕەگەزی و لێکجیاکردنەوەی نەژادو توخمەکان.

هەوڵ وتەقەلای ئاشتبوونەوە لە ئەمریکا کەوتووەتە بەر ڕەخنە. چونکە ئەمریکاییە سپیپێستەکانی ناچارکردووە بەتێروتەسەلی بەرەنگاری مێژووی کۆیلەتی نەتەوەی خۆیان ببنەوە. هەندێ لە سەرنجدەرو چاوەدێران ئاماژە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەمریکاییە- ئەفریقاییەکان لەسەر شێوەی قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی هۆلۆکۆست لە ئەڵمانیا دەکەن. بەرەی دژی ئەم تێڕوانینە، پاساو بە بەرنامەگەلێکی کاری پۆزەتیڤ دێننەوە: (واتە ڕەخساندنی دەرفەتی خوێندن و فێربوون، کارپێکردنی کەمایەتییەکان ) گوایا پابەندبوونی مۆراڵی نەتەوەیی خۆیان بەجێگەیاندووە لە مەڕ قەرەبووکردنەوەی ئەمریکاییە-ئەفریقاییەکانەوە. تا ئێستەش، خەڵکانی دی پێیانوایە، ئەو شێوە قەرەبووکردنەوەیە، خۆی لە خۆیدا، پرۆسەیەکی ناتەواوی دادپەروەرییە کە لە دوائەنجامدا، کەس دڵی پێ ئاو ناخواتەوە.

بەکورتی ئەوە بەسە کە سەرنج دەدرێ، تەنانەت لە وڵاتی ئێمەشدا، سەبارەت بە پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی داخوا سەرکەوتووە یان نا، هێشتا پیلەکەو قسەی لەسەر دەکرێ. لەوەش زێتر، لە نموونەی ئەمریکادا ڕوون بۆوە کە پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی، پرۆسەیەکی بێندرێژ و سەخت و گرانەو تەنیا دانان و داڕشتن و بنەجێبوونی قانوونەکان نییە، بە ڵکە هەڵوێستی سەرپاکی کۆمەڵگەیە.

ئەمڕۆ، ئاشتبوونەوەی نیشتمانی، لە گەڵ هەڵکشان و داکشانی ئاریشەو کێشەی ئیتنی لە چەندین جێگەو قوژبنی ئەم جیهانەدا، ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووە. سەرکەوتن یان ژێرکەوتنی بەرنامەگەلی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کاریگەرییەکی تا ئەوپەڕی نەك هەر لەسەر سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا هەیە، بەڵکە ئەگەری واش هەیە کە کاریگەریی بۆ سەر دۆزی مافەکانی کەمینە لەناو سنووری ئەمریکا خۆیدا، ببێ. لەراستیدا، ئەگەر هەستی نایەکسانی ڕەگەزی و نادادپەروەریی لە ژیانی ئەمریکادا، نەخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە ئەوا لە دنیای ئەگەران دوور نییە نیگەرانی لە بارەی گەرادانانی ئیتنی یان ڕەگەزی سەرهەڵبدا وەکو بنەما بۆ بزووتنەوەیەکی

سیاسی لە بابەتی ئەو بزاڤانەی ئێستە کۆمەڵگاکانی تریان لە ناوچەگەلێکی دنیادا، هەلا-هەلا کردووە.

**٥- ئەگەری هەوڵنەدان بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتمانی:**

لەهەر جێیەکدا هەوڵ بۆ ئاشتکردنەوەی گرووپە پێکهەڵپژاوەکانی ناو ئەم یان ئەو دەوڵەت نەدرابێ، ئاکامگەلی کارەساتهێنی بەدواوە بووە. لە ماوەی سێ مانگاندا، زێتر لە نیو ملیۆن کەس لە کەمینەی توتسی *TUTSI* لە لایەن دراوسێیە هوتو *HUTU* ـەکانیانەوە لە رواندا ، دەوڵەتێکە لە ناوەڕاستی ئەفریقا، قەتل و عامکران. قڕکردنی توتسییان، بەرەنجامی سیاسەتی کەڵەکەبووی چەندین نەوەی کۆلۆنیالییانەیە کە گروپێکی ئیتنی بەگژ گرووپێکی تر وەناوەو (شەڕە کەڵەبابیان پێکردوون). وێڕای کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای لە دەسەلاّتی کۆلۆنیالیی بەلجیکا کرد کە دەست بە بەرنامەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بکەن. وەلێ هەوڵێکی ئەوتۆ بۆ جێبەجێکردنی ئەم داخوازییە نەدرا. ئەمڕۆ، کێشەی توتو- هوتو بووەتە خاڵێکی گرنگی ململانەی هەرێمایەتیی ناوەڕاستی ئەفریقا. لە کۆماری دیموکراتیی کۆنگۆ (زائیری جاران)، بۆ نموونە، کە یەکەمین شەڕگەی شەڕێکی ناوچەیی دوای قۆناخی کۆلۆنیالی بووە، توتسی دەورێکی گرنگیان لەروو ڕاوەستانی حکوومەتی کۆنگۆی *Laurant Kabilla* کە پشتی یاخیبووە هوتوەکانی باکووری رونداو جێگەی دی گرتبوو، گێڕا. هەروەکو شەڕی کۆنگۆ ساغی دەکاتەوە، لە هەر جێگەیەکدا رێگە بدرێ کێشەی ناوخۆ هەو بکا و بەبنبداتەوە، بە دووری مەزانە کێشەی نێودەوڵەتیشی لێبکەوێتەوە.

**٦- سەرچاوەکانی کێشەو ململانە:**

سەرچاوەکانی کێشەو ململانەی نێوان گرووپە نیشتمانییەکان، تەبای ململانەی نێوان کەسێك و کەسێکی دی، تەنیا بە هزری مرۆ خۆیانەوە بەندن. هەرهەندە گرووپێ هەست بە جیاوازی خۆی و گروپێکی دی بکا، ئەوا سەرچاوەی پەنهانیی کێشەو ئاریشە لەڕێیە. جیاوازییەکان، هەرچییەك بن، هەر لە خۆیانەوە، رووبەرووبوونەوە دروستناکەن. تەنیا لەو کاتانەدا کە جیاوازییەکان دەگەنە ئاستێ کار لە پلەو پێگەی کۆمەلاّیەتیی دەسەلاّتی سیاسی، سەربەخۆیی کەلتووریی گرووپەکە، دەکەن.

**أ- کاتێ رێگە بە جیاکاریی ئیتنی و رەگەزی بۆ دروستکردنی ناتەبایی دەدرێ:**

**ئاپارتایدی باشووری ئەفریقا**

لە سەروەختی ئاپارتایدا، حکوومەتی کەمینەی سپیپێست لە باشووری ئەفریقا، بەرنامەیەکی سیاسی پراکتیزە دەکرد. مۆرکی سەرەکی ئەو سیاسەتە، رێگەگرتن بوو لە زۆرینەی رەشپێست کە بکارن بەشداریی لە ژیانی نیشتمانیدا بکەن. ئەو قانوونانەی دەردەچوون، رەگەزەکانیان لێکدیهەڵدەبوارد، سنوور و بازنەی بزاوتی خەڵکی رەشپێستیان لە هەندێ ناوچەی تایبەتدا بەرتەسك دەکردەوە، بەشداریی سیاسییان لێ قەدەخەدەکردن. دیدو تێڕوانینی رەگەزپەرستانەی سەرانی کەمینەی سپیپێست بۆ کۆمەڵگە، باشووری ئەفریقای بەرەو

دابڕانێکی نێودەوڵەتی بردو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هێنایە سەر ئەو بارە کە بە قانوون، ئاپارتاید وەکو تاوانێکی نێودەوڵەتی بناسێنێت.

### کۆسۆڤۆ

لە کۆسۆڤۆ، کە دەڤەرێکی *Serbia* یە، ئەو وڵاتەی لە ناوچەی باڵکاندا لە ناوەڕاستی ئەورووپا لە گەڵ مۆنتینیگرۆ *Montenegro* کۆماری فیدرالیی یۆگۆسلافیایان دروستکردووە، کێشەو ململانە لە نێوان هێزەکانی حکوومەتی یۆگۆسلافیا و ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ کە کەمینەیەکی بە ئاین موسڵمانن لە سربیا، بەڵام لە ٩٠٪ی دانیشتوانی کۆسۆڤۆ زێترە، لە ئارادایە. سازمانی پەیمانی باکووری ئەتلەنتیك NATO کە ئەمریکاو ١٨ وڵاتی تری تێدایە، شاڵاوێکی بۆمبارانیان بردەسەر حکوومەتی یۆگۆسلافیا تا پەلامار بۆ سەر ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ رابگرێ.

سیاسەتی سربیا، لە کۆسۆڤۆ، برەودان بوو بە چەوساندنەوەی ئەلبانییەکان، لە ساڵی ١٩٨٩دا، سڕینەوەی ئۆتۆنۆمی کولتووری و سیاسیی دانیشتوانە ئەلبانییەکانی لێکەوتەوە. رێگە لە ئەلبانییەکان گیرا بە ئاشکرا منداڵەکانیان بە زمانی خۆیان بخوێنن، یان کۆڕو کۆمەڵەی سیاسی بە بێ ترس و تۆقاندن، پێکبهێنن. بە هەڵکشانی ناتەبایی ئیتنی بۆ ئاستی پێشێلکردنی مافە مەدەنی و سیاسییە دانپێدانراوە نێودەوڵەتییەکانی ئەلبانییەکان، سربەکان تەنیا هانی هاریکاری ئیتنیان لە نێو کۆسۆڤۆییەکان دا و لێکدابڕانی واقیعی لە نێوان ئەلبانەکان و سربەکاندا و چەوساندنەوەی ئەلبانەکان توندتر بوو، کەوتنە بەر پەلاماری فیزیکی و دەرەنجامیش بزاڤێکی سەربەخۆخوازی توندوتیژ- سوپای رزگاریخوازیی کۆسۆڤۆ- کە داوای سەربەخۆیی بۆ کۆسۆڤۆ دەکا، سەریهەڵدا.

قەیرانی کۆسۆڤۆ، داڕێژەرانی سیاسەتی ئاگادار کردەوە لە: **یەکەم:** سەرهەڵدانی قەیرانی پەنابەرانی نێودەوڵەتی. **دووەم:** هاتنە ئارای بزووتنەوەگەلی سەربەخۆخوازیی ئەلبانی لە ناوچەکانی دی بالکان: مەکدۆنیا، **سێیەم:** بووە هۆی زێتر لەبەر یەکترازانی کۆماری فیدرالیی یۆگۆسلافیا کە لە دوو دەوڵەتی سربیاو مۆنتینیگرۆ پێکهاتووە. **چوارەم:** شەڕێکی نوێ لە بۆسنیاو هەرزەگۆڤینیا دەست پێبکاتەوە لە نێوان سربەکانی بۆسنیا و موسڵمانانی ئەوێدا.

قەیرانی کۆسۆڤۆ بووە مایەی ئەوە کە داڕێژەرانی سیاسەت، مەترسییەکانی مایەی خۆتێکردن لە کاروباری نێوخۆی دەوڵەتێکی سەروەر لە بەرانبەر ئەرکێکی مۆراڵی بەرچاودا، پێکبگرن و هەڵبسەنگێنن. ئەویش بە رێگرتن لە بەرنامەی سربیا لەبارەی پاکتاوکردنی رەگەزییەوە، لێ بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە، *NATO* دەخالەتی تێدا کرد. هەر چەند ئەمە نابێتە بنەمایەکی گشتیی ستاندارد بۆ مایەی خۆتێکردن بەپێی قانوونی نێودەوڵەتی و دەبێ رەچاوی دەرەنجامی چاوەڕواننەکراو لە کێشەی وادا بکرێ.

**ب- کاتێ کە ئەو جیاکارییانەی دێنە دروستکردن، زێتر ناواقیعیانەن تا واقیعی:**

**هۆتۆ و توتسی**

هەندێ جار، ڕێبەرانی سیاسی زێدە لە پێویست جەخت لەسەر هەندێ شت دەکەنەوە، تەنانەت تا ڕادەی سازکردنی جیاکاریی ڕەگەزپەرستانە پێی لێ هەڵدەبڕن لە پێناو درێژەدان بە کۆنترۆڵی سیاسی خۆیان بەسەر دەوڵەتدا.

ململانەی نێوان هۆتو و توتسی لە ناوەڕاستی ئەفریقا ( ڕوانداو بۆرۆندی)، بۆ نموونە، سەرچاوەی لە سیاسەتی کۆلۆنیالیستەکانی ئەلمانیاو بەلجیکا گرتووە کە پێڕەویان لە سیاسەتی پشتەوانیکردنی کەمینەی توتسی کردووە. بۆ ئەمەش، بەڕێوەبەرایەتی کۆلۆنیالی، بەبەراورد لە گەڵ دراوسێیە هوتوەکان، ئیمتیازاتی ئابووری و سیاسی گرنگیان بە توتسییەکان دەدا. ئەنجامی ستراتیجیای (پەرت کەو زاڵ بە) ئەوە بوو توتسی و هوتوییەکان، کە شتی هاوبەشیان زۆر لە جیاوازییەکانی نێوانیان زێتربوو، ببنە دوژمنی باوەکوشتەی یەکدی. لەڕاستیدا، مانیفیستۆی هوتوییەکان لە ساڵی ١٩٥٧-ەوە لە لایەن ڕێبەرەکانیانەوە داڕێژرابوو، مۆرکێکی وای بە بزووتنەوەی هوتوییەکانەوە ناوە کە کار بۆ وەدەرنانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی نەکا، بە لکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کەڵەگایی ڕەگەزپەرستانەی توتسیان..

**بۆسنیاو ئەفسانەکانی مێژوو**

لە ململانەی ناو بۆسنیادا، هەمان گەمە لە لایان ڕێبەرانی سیاسییەوە دەکرێ. لە دوای لەبەریەکهەڵوەشانی کۆماری سۆسیالیستیی فیدرالیی یۆگۆسلافیا لە ساڵی ١٩٨٩، سیربەکانی بۆسنیا هەوڵیاندا، وەکو بەشێك لە سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی *Ethenic Cleaning* ، جێ پێ بە موسڵمانەکانی بۆسنیا لەق بکەن و هەڵوەدایان بکەن. ناسیۆنالیستەکانی سرب، بیانوویان بۆ ئەم سیاسەتە دەدیتەوە کە گوایا دژمنایەتی سرب لە گەڵ موسڵمانانی بۆسنیا بێ پاساو نییە، لەو نوختەنیگایەوە کە گوایا چەوساندنەوەی درێژخایانی سیربەکان لە لایەن موسڵمانانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست. چاوەدێرانی ناوچەکە پێیانوایە، ئەم کێشەیەی ئێستا، هیچ سەروکارێکی لە گەڵ ستەمی موسڵمانەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نییە، بەڵکە زێتر سەروکاری لە گەڵ هەوڵ و تەقەلای سەرکردە سیاسییەکانی سیربەوە هەیە بۆ جێ پێ قایمکردنی بناخەی ناپتەوی سیاسیی خۆیان.

هەروەکو لە کێشەو هەرای ناو بۆسنیا و هۆتۆ-توتسیدا، دەرکەوت، ڕێبەرانی سیاسی دەکارن بە ئەفسانەکانی مێژوو، دابەشبوونی ڕەگەزی بوروژێنن بۆ پێکهێنانی هاوکاری لە نێوان کۆڕو کۆمەڵانی ئیتنی دیاریکراودا ، بۆ پشت و پەنا پەیداکردن بۆ خۆیان بەیاریکردن لەسەر ستەم و سکالای لایەنگرانیان، ڕێبەرانی سیاسی، لە کۆتایی شەڕی ساردەوە، توانیویانە شێوەیەکی توندوتیژیی ناسیۆنالیزمی ئیتنی دروستبکەن کە بە شێوەیەکی بنچینەیی لەسەر شێواندن و بەهێندنەگرتنی کەمینە ئیتنییەکان وەستاوە. ئیدی بەهۆی پەنابردن بۆ ئەفسانەکانی مێژوو، سەبارەت بە هزرو وێناکانی کۆڕو کۆمەڵەکان لە ململانە، کە مەبەستێکی

گرنگی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی ئەوەیە بۆ راستکردنەوەی ئەو تۆمارە مێژووییە کە ئاوەز بتوانێ جێگەی سۆز وەکو هێزی راپێچکەری قانوونی لە پشت سیاسەتگەل و سیاسەتی حکومەت، بگرێتەوە.

**ج- ئەو ململانێیانەی بنەچەکەیەکی دیرۆکیان هەس:**

**ئیسرائیل و فەلەستینییەکان**

وێڕای ئەوەی کە یەکێ لە سەرچاوەکانی ململانێ، پێوەندیی بە هەوڵ و تەقەلای گرووپەکان خۆیانەوە هەیە بۆ هێشتنەوەی دەسەلاتی سیاسی بەدەستەخۆیان، لە ڕێگەی نکولێکردن لە مافی وەکیەکی گرووپەکانی تر لە بەشداریکردن لە ژیانی نیشتمانیدا، ململانێگەلی دی هەن کە رەگ و ریشەیان دەگەڕێتەوە بۆ رووداوە مێژووییەکان. ململانێی ئیسرائیل و فەلەستینییەکان، رەگ و ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٩٤٨ و دواتر شەڕی ٦ رۆژەی ١٩٦٧، کە لە ئەنجامدا ئیسرائیل دەسەلاتی سیاسی و سەربازی خۆی بەسەر کەرتی غەزە و کەناری رۆژئاوادا سەپاند، ئەم ناوچانە ژمارەیەکی زۆری عارەبی فەلەستینی تێدایە. هەروا زۆر لە پەنابەران دوا بەدوای شەڕی ئیسرائیل بۆ سەربەخۆیی (١٩٤٨-١٩٤٩) پەراگەندەی ولاتانی دی بوون. دامەزراندنی زێد و نیشتمان بۆ جوولەکان، پەرەسەندنی ئاگایی نەتەوەیی لەناو عارەبی فەلەستینیدا لێکەوتەوە کە نەوە دوای نەوە هەوڵ دەدەن بۆ ستاندنەوەی ئەو خاکانەی ئیسرائیل دەستی بەسەردا گرتوون.

**د- دەکرێ ئایدیۆلۆجیای سیاسی و ئابووری لێکجیا ببێتە سۆنگەو سەرچاوەی ململانێ:**

**چین و تایوان/ کۆریای باکوورو کۆریای باشوور**

شەڕی سارد لە نێوان سەرمایەداری/ دیموکراسی و کۆمۆنیزم/ئۆتۆریتە، سەرچاوەیەکی دی ململانەی ناوخۆ بووە کە گرووپەکانی ناو یەك دەوڵەتی نەك لەسەر بنەمای ئیتنی، بەڵکە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجیای سیاسی لە یەکدی راستکردووەتەوە. ماك و رەچەڵەکی گرژیی نێوان چین و تایوان دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنی هێزەکانی کۆمۆنیستی بە رابەرایەتی ماو تسی تۆنگ بەسەر هێزە ناسیۆنالیستەکاندا بە رابەرایەتی چیانگ کای چسك لە ١٩٤٨- ١٩٤٩دا. چیانك و پێڕەوانی رایانکردە دورگەی تایوان و حکوومەتی دڵخوازی خۆیان پێکهێنا. لە ساڵەکانی دواییدا، تایوان بووە دەوڵەتێکی هەرە درەوشاوە، ئابوورییەکی هەرە کراوەو نموونەیەکی گرنگی پەرەسەندنی دیموکراتی لە ئاسیا. گەلانی کۆماری چین پێدادەگرن کە دەبێ تایوان لە گەڵ چیندا یەکبگرێتەوە. تایوانیش نایەوێ لەسەر هەمان رەوتی چین لە گەڵ چیندا یەکبگرێتەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چین وەکو دەوڵەتێکی ئەنتی دیموکراتیك و ئۆتۆریتە دەیەوێ دامەزراوە دیموکراتی و ئابوورییەکانی تایوان تێکوپێکبدات. هەروا وێڕای کە چینییە ئیتنییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی دانیشتوانی کۆماری چین و تایوان پێکدەهێنن. هەر یەك لەم دوو دەوڵەتە فەلسەفەی

سیاسی و ئابووری جیا و پێکناکۆکیان لە گەڵ یەکدیدا هەیە. بە هەمان شێوە بنەچەکەی ململانەی نێوان کۆریای باکوور و کۆریای باشوور دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی کۆریا (١٩٤٩-١٩٥٢) کە لە نێوان باکووری کۆمۆنیست و پشتئەستوور بە چین و باشووری سەرمایەدارو پشتئەستور بە رۆژئاوا قەوما. ئەمڕۆ لە کاتێکدا، باشووری کۆریا یەکێکە لە دەوڵەتە هەرە دیموکراتەکانی رۆژهەلاتی ئاسیاو دەورێکی گرنگی لە ئابووریی نێونەتەوەییدا هەیە، باکووری کۆریا، هەر بەردەوامە لەسەر سیاسەتی ئابووریی مارکسیستی لە ژێر سایەی حکوومەتێکی توتالیتاری دابڕاو لە جیهانی پێشکەوتوو.

لە گەڵ بەکۆتاهاتنی شەڕی سارددا، شەڕی ئایدیۆلۆجی، لۆج و کوشنی دواوەی گرتووەو جێگەی خۆی بۆ رکابەریی ئیتنی وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی کێشەو ململانێی ناوخۆ، چۆلکردووە.

## ٧- مۆدیلەکانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی:

### ئەفریقیای باشوور

یەکێ لە هەوڵە هەرە پڕئومێدەکانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە ئەفریقیای خوارووی هاوچەرخ بەڕێوەچووە. لەسایەیدا گۆڕانکارییەکی ئاشتیخوازانە لە فەرمانڕەوایی کەمینەی سپیپێست بۆ زۆرینەی رەشپێست بە هەڵبژاردنی نیلسۆن ماندیللا و کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیا لە ساڵی ١٩٩٤دا هاتە ئاراوە . چەقی قورسایی بەرنامەی ئاشتەوایی حکوومەتی نوێ، بریتییە لە دامەزراندنی کۆمیسیۆنی راستی و ئاشتەوایی *TRC*. ئەم کۆمیسیۆنە لە لایەن *DESMOND TOTO* ی سەرۆکی کەشیشان و پیاوی ئایینی ناسراو و ناو بەدەرەوەی مافە مەدەنییەکان رێنوێنی دەکرێ کە بە پێی بنەمایەکی دەستووری تازەدانراوی ولاّت، دامەزراوە. ئەم رێسایە داوا دەکات یەکێتیی نیشتمانی و ئاشتەوایی لە نێوان خەڵکی ئەفریقیای باشوور پێکبێت و کۆمەڵگە بینا بکرێتەوە. قانوونی نیشتمانی، دەسەلاّتێکی فراوانی بە کۆمیسیۆن داوە بۆ وەدواکەوتن و راپۆرتدانان سەبارەت ئەو تاوانانەی لە سەردەمی ئاپارتایدا (١٩٤٨- ١٩٩٠) هەموو لایەنەکان ئەنجامیان داوە و هەروا تۆمارکردنی ئیفادەو سەربردەی شایەتان. دادگەی سەربەخۆ بۆ چاوگێڕانەوە بە لێبوردن دامەزرێنێ. چونکە لەکاودانێکی تایبەتدا، لێبوردن لە دادگاییکردن لە بەرانبەر شایەتییەکی بێ سنووردا، درابوون.

یەکێك لەو مەبەستانەی لە پشت ئەم کۆمیسیۆنە هەبوو، بریتیبوو لە ریسواکردنی سیاسەتی رەگەزپەرستانەو قێزەونی حزبی نیشتمانی *NP* . مەبەستێکی دی ئەوەبوو کە دان بە قوربانیاندا بندرێ لە بەرانبەر ئەو زیانە ماددی و مەعنەوییانەی وێیان کەوتبوو. سێیەم مەبەست: ئەوەبوو کە لە ئاستی نیشتمانیدا، هەم تاك و کۆمەڵەکان دەروونیان ئارام بێتەوە تا هەستی توڕەبوون و نا ئومێدی و تۆڵەئەستاندنەوە تووڕ هەڵبدەن..لە ئەفریقیای باشووردا، شیان و توانی ئەوە هەبوو دامودەزگای قانوونی بۆ هێنانەسەرپێی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی پێکبێت....

نابێ دەوری نیلسۆن ماندیللای سەرۆکی هەڵبژێردراوی کۆمار لە ساڵی ١٩٩٤داو دەوری *W.F.de Klerk* (دوا سەرکۆماری حکومەتی سپی پێست) و چەندانێکی تریش کە دەوری گرنگیان لەو گۆڕانکارییە دیموکراتییە فرە تۆخمەدا هەبووە فەرامۆش بکەین.

ئیعتبوباری بەکردەوەش، دەوری خۆی گێڕاوە، وەکو ئاکامی سیاسەتی ئاپارتاید، سپیپێستەکانی ئەفریقیای باشوور، نەك هەر تەنیا خەڵکی هەرە خوێندەواری کۆمەڵگە بوون، بەڵکە سەروەت و سامانیشیان لە دەست کۆبووەتەوە. کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقا کە حکومەتی گرتە دەست، ددانی بەوەدا هێنا ئەگەر کەمینەکان نەپارێزێ، ئەوا متمانە بە فەرمانڕەوایی زۆرینەی رەشپێستیش نامێنێ، دەبتە هۆی تێداچوونی سەروەریی نیشتمانی..

### بۆسنیاو هەرسك

دیارە بەرنامەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە ئەفریقای باشوور، لە نێو خودی وڵاتەکەدا سەری هەڵدابوو، هەرچی هەوڵ و تەقەلای هێنانەئارای ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە نێوان سرب، کروات و موسڵمانەکانی بۆسنیا هەیە، ئەوا پرسێکی نێودەوڵەتی بوو. چەقی قورسایی ئەو هەوڵە، رێککەوتننامەی دایتۆن بوو کە بە سەرپەرشتی دیپلۆماتی ئەمریکایی: ریچارد هولبرووك لە ساڵی ١٩٩٥دا مۆرکرا. کۆمیسیۆنێکی سەربەخۆ لە لایەن رێکخراوی تەنایی و هاریکاریی ئەورووپی و سازمانی پەیماننامەی باکووری ئەتلەنتیك-ەوە پێکهات. ئەم کۆمیسیۆنە لە ژێر رێنوێنی دیپلۆماتی ئەورووپایی کارلۆس ویستۆن کاری خۆی دەکرد و دەسەڵاتی ئەوەشی پێدرابوو کە سەرپەرشتی جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکە بکات.

ئامانجی رێککەوتننامەی دایتۆن ئەوەبوو کە گرووپە پێکناکۆکەکان ناچار بکات لە ژێر چاوەدێریی سەربازیی نێودەوڵەتی، دامەزراوەی سیاسی و مەدەنی پێکبهێنن کە وردە وردە بە تێپەڕبوونی کات، کۆڕو کۆمەڵەکان بهێننە سەرباری هاریکاریی ئاشتیخوازانە. بەپێی دایتۆن، بۆسنیاو هەرسك بووە دوو ناوچە: فیدراسیۆنی کروات- موسڵمان (فیدراسیۆنی بۆسنیاو هەرسك)، کۆماری سرپسکای سیربەکان. هەر یەك لەو ناوچانە، پەرلەمان و وەزیرانی خۆی هەیە. هەر ناوچەیەك، نوێنەری خۆی بۆ پەرلەمانی فیدرالی دەنێرێ. حکومەتی فیدرالی بۆسنیاو هەرسك لە لایەن دەستەیەکی سەرۆکایەتی سێ کەسی رێبەرایەتی دەکرێ. هەر یەکەیان نوێنەرایەتی کۆمەڵەکانی کروات، سرب و موسڵمانەکان دەکەن. سیمای هەرە دیاری ئەو هەوڵە بۆ پتەوکردنی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە بۆسنیا، رۆڵی گەورەی رێکخراوە هەرێمایەتییەکانە: سازمانی ئاسایش و هاوکاری لە ئەورووپا، سازمانی پەیمانی باکووری ئەتلەنتیك، گرووپی "تماس" کە دەوریان لە بە زۆر هێنانەئارای ئاشتی بووە لە نێوان کۆمەڵەکانداو پێکهێنانی نیزامێکی مەدەنی و پرۆسەی دیموکراتی..

هاوپێوەند لە گەڵ هەوڵ و تەقەلا بۆ بنیادنانی دیموکراسی لە ناوچەکە، هەوڵی دادگاییکردنی ئەو کەسانە درا کە لەسەرەتای شەڕی بۆسنیاوە لە

١٩٩١-ەوە تا ئێستا تاوانگەلی نێودەوڵەتییان ئەنجامداوە. دادگەی نێودەوڵەتی تاوانکاریی تایبەت بە یۆگۆسلافیای جاران *ICTY* لە ساڵی ١٩٩٣دا لە لایان *UN* ـەوە هاتە دامەزراندن، ئەم دادگەیە، یەکەمین هەوڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە دوای دادگاییەکانی نۆرمبێرگ بۆ سەپاندنی بەرپرسیارەتیی تاوانکاریی بەسەر ئەو کەسانەی بەرپرسن لە کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی سڤیل لە دووتوێی ململانێ و کێشەیەکی نێودەوڵەتی یان ناوخۆییدا.

ئەگەر بەراورد لە نێوان مۆدیلی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی ئەفریقای باشوور لە گەڵ ئەوەی لە بۆسنیادا کراوە بکەین، چەند جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان هەردوو پرۆسەدا هەیە:

١- لە بۆسنیا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئاشتی بەسەر لایەنەکاندا سەپاندو دامەزراوەی دیموکراتی هێنایەئاراوە.

٢- پاراستنی کەمینەکان، ئەرك و وەزیفەی رێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی بوو.

٣- دادگای نێودەوڵەتی بۆ دادگاییکردن و زیندانیکردنی تۆمەتباران دامەزرا. چونکە حکومەتی بۆسنیا، هەوڵی دادگاییکردنی تاوانەکانی نەدا.

ئەگەر مۆدیلی خوارووی ئەفریقاش بەسەر بۆسنیادا پراکتیزە بکرابایە، کارێکی سەخت دەبوو. بە پێچەوانەی خوارووی ئەفریقا، لە بۆسنیا هێشتا "کۆدەنگ"ێك نییە لە نێوان کۆڕو کۆمەڵە ئیتنییە جیاوازەکاندا کە دەیانەوێ لە تەك یەکدا لە ناو دەوڵەتێکی یەکگرتوودا بژین. بەلام ئەم رەزامەندییە، دوورە کە کۆمیسیۆنی راستی بتوانێ لە لایان بەرێوەبەرایەتییە خۆجێیەکانەوە هاوکاری بکرێ کە پێویستە سەبارەت بە لێوەکۆڵین کارا بێت. لەلایەکی دیکەوە، خاڵە ئاستەمەکانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە بۆسنیا، نیشان دەدا کە بنیادنانی دەوڵەتێکی فیدرالی لە سایەی هەلومەرجی ئارادا، یەکسانە بە هیچ و باشترین ستراتیجیش، ستراتیجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە کە بەشێوەیەکی ئاشتییانە دەیەوێ گرووپەکان لێك نزیکبکاتەوە.

## ئیسرائیل

دوا مۆدیلی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی کە وتووێژی لەسەر بکرێ، لەراستیدا، خستنە دواوەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و پەسندکردنی پرۆسەی لێکجیاکردنەوەی ئاشتیخوازانەیە. ریشەی ئاریشە و ململانەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان دەچێتەوە سەر دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل و وەدەرنان و تەرەکردنی ژمارەیەکی ئێکجار زۆری عەرەبە فەلەستینییەکان. پرۆسەی ئۆسلۆ کە لەدوای مۆرکردنی رێککەوتننامەی ئۆسلۆوە لە ١٩٩٤ لە لایەن یاسر عەرەفات ـی سەرکردەی فەلەستینیان و سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل ئیسحاق رابین ـەوە، ئوتۆنۆمی بە فەلەستینییەکان بەخشی لە کەرتی غەززە و کەناری رۆژئاوا لە زنجیرەیەك هەنگاوی بچووکی مەندو بەکاوەخۆ. شتی یەکلاکەرەوە لە پرۆسەی دابینکردنی ئۆتۆنۆمی زێتر بۆ فەلەستینیان، هاوسەنگی حوکمی خۆبەخۆی فەلەستینیەکانە. لە گەڵ پێداویستیەکانی تەناهی بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل. مۆدیلی ئۆسلۆی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لەسەر ئەو تیورییە

دامەزراوە کە ئەو دەمەی ئیسرائیل و فەلەستینییەکان پێوەندییەکانیان ئاسایی دەکەنەوە کە بەیەکەوە ژیانی ئاشتییانەو پێوەندیی ئابووری زێتری بەدواوە بێت.

هەنگاونان بەرەو ئاشتبوونەوە بەپێی مۆدیلی ئۆسلۆ لەسەر فشاری ناوچەیی و نێودەوڵەتی وەستاوە. لەباری ناوچەییەوە، ئیسرائیل و فەلەستینیەکان خۆیان رێچکەی پرۆسەکەیان دۆزیبۆوە، ئەمریکا دەورێکی نێودەوڵەتی دیاری هەبوو لەفشار خستنەسەر هەر دوولاوە کە پرۆسەکە بەرەو پێشەوە ببەن. ئەو رەخنانەی لە ئۆسلۆ گیراون وەکو پرۆفیسۆر ئەدوارد سەعید لە زانکۆی کۆلۆمبیا دەڵێ: ...... جیاکردنەوە ناشێ لەدوا ئەنجامدا پێوەندیی نێوان ئیسرائیلی و فەلەستینییەکان چاکبکات، چونکە پلەیەکی گەورەی متمانە بەیەکدی نەکردن لە نێوان هەردوو لایاندا هەیە. سەعید لایەنگری دووبارە پێکهێنانەوەی ئیسرائیل و کردنیەتی بە دەوڵەتی دوو نەتەوە *bi-national* کە پێویستی بە ئاشتبوونەوە لە نێوان عارەب و جوولەکاندا هەیە.

## دەرەنجام

ئەو سێ مۆدیلەی لەسەرەوە بە کورتی وتوێژیان لەبارەوە کرا تا رادەیەك خۆیان لە قەرەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی داوەو. مۆدیلی ئەفریقای خواروو لە هەلومەرجی تاقانەی خۆیدا بەرێوەچوو. راگوێزانی ئاشتییانە لە فەرمانرەوایی کەمینەی سپیپێست بۆ حوکمی زۆرینەی رەشپێست. مۆدیلی بۆسنیا، تەرەفی دی شەبەنگەکەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەنگاوی ناوە بۆ سەپاندنی پرۆسەی ئاشتبوونەوە بەسەر کۆمەڵگاکاندا کە دژایەتی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی دەکەن لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدرالی یەکگرتوودا. دوا مۆدیل، مۆدیلی ئیسرائیلی — فەلەستینییەکانە کە کۆنسێپتی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. هیچ بەهایەکی پۆزەتیف نەماوە کە کۆمەڵەکان ناچار بکا لە گەڵ یەکدیدا هەڵبکەن بێ لە لێجیابوونەوەی بە ئاشتییانە.

---

* ئەم وتارە (Models of National Reconciliation) کە لە سایتی www.idtd.org/reconcil.htm وەرگیراوە گۆڤاری توێژینەوە کردوویەتی بەکوردی.